# بێ وەفایی

محمد جزا بەرزنجی
jazahossain@zonnet.nl

نە پشکۆی لێوت وەکو جاران
بۆ کرپۆەی ناخی ساردم دائەگیرسێ ..
نە هەستدەکەم خونچە ماچێکی ئەوینی
لێبپشکوێ ..،
تیشکی نیگات کە بێ تین بوو
کەی دەتوانێ
پوشوی دڵم ..
بسوتێنێ
هێندەی سەمای گەڵایەکی دەم هەناسەی شنەی شەماڵ
وەکو جاران
خۆشەویستیت هەستی رۆحم ببزوێنێ ،
نە دامێنی بەرماڵی تۆ
خاوێن ماوە..!
نە من بۆ نوێژی ئیمانت
دەستنوێژ دەگرم ..!
ئەی نازانی هەور بە بروسکە دەڵێت:
هەر دیمەنێ شاردراوە بێت،
وێنەی بگرێت،
لە نێو پۆستی رەهێڵەشدا
بیان نێرێت بۆ هەر جێیەك خۆی بیەوێت.

* * *

نەشمیلەکەم
سەردەمانێك..
شەمامەی هەرزەییت .. دەنکە هەناری مزریان
بەسەر لێوی لەزەتما هەڵدەوەران
منیش دەبومە ئاوڵەمە و لە هەناوتا..
جاریکی تر دەتوامەوە.
لێگەرێ .. ئەمرۆ..
لە ساباتی ژوانی چۆڵا
لە بێدەنگی سرەوتنا

له نێو عەشقی بەرد و خۆلا
تێر بخەوم،
لێگەڕێ..ئەم گەشتەم..
دوا هەناسەی رۆحی تیایە
چیتر بەرگەی
سەودا سەری
ئەم بازاڕی های میوەیەی تۆ ناگرم
لێگەڕێ .. ئەم هەوارەم..
شەکرە زەهری تیا نۆشدەکەم
خۆم و تۆش و خەونەکانمان
بێ هۆش دەکەم
لێگەڕێ..
دەنا .. ئافاتی عەشقێکم
بە ئاگا .. بێم ..!
ئێخەی روتیت لەت لەت دەکەم،
داوای هەناری
دزراوی هەموو مێژوو لە تۆ دەکەم.
لێگەڕێ..
نە تۆ بە کەڵکی من دێیت .. و
نەمن ڕەدوی
کەوە رۆژی روخسارێکی وا دەکەوم
گرانترین مەکیاجی ئەم دنیایە سواخی دابێت.
لێگەڕێ ..
با جووت نەبین
نەکا شەیتان ..
زەفەر بە ساختەمان بەرێ ..!
بترەکێین .. و
ئەوینی پاک
بۆ چرکەیەک
بە نێو رۆحمانا تێپەڕێ
ئەی نازانی
لە دوو توخمی رەش , سپی
نەوەی زۆڵی ئەهریمەنی ..
دەردەپەڕێ.